مافی ژن لەدەستوری هەرێمداو بەراوردی بەدەستوری عێراق

مادەی ٢١
(ئافرەت یەکسانە لەگەڵ پیاودا، نابێت جیاوازی لەدژی بکرێتو حکومەتی هەرێم هەموو ئەو مافە مەدەنیو سیاسیانەی لەم دەستورەو لەو پەیمانو رێکەوتننامە نێو دەوڵەتیانەدا هاتوون کە دەوڵەتی عێراق پەسەندی کردوون، دەستەبەر دەکات، هەروەها دەبێت هەر شتێك بە بەربەست دابنرێت لەبەردەم یەکسانییان لەژیانی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ئابوریو سیاسیدا، لابەرێت)

بەندی دووەم
مادەی ٢
(لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ــ عێراقو ئەنجومەنی خۆجێیو شارەوانیەکاندا رێژەیەك بۆ ژنان تەرخان دەکرێت کە لە ٢٥%ی کورسییەکان کەمتر نەبێت).

مادەی ٤٩ تایبەت بەخێزان
(خێزان یەکەی کۆمەڵایەتی سروشتیو بنچینەییە لەکۆمەڵگەدا، مافی خۆیەتی حکومەتو کۆمەڵگا پارێزگاری لێبکەن بۆیە:

١- نابێت گرێبەستی هاوسەرێتی بەڕەزامەندی تەواوی هەردوو لایەنی هاوسەرێتییەکە نەبێت بەبێ زۆرلێکردن.

٢- حکومەت پاراستنی دایکایەتیو منداڵێتیو پیریەتی لەئەستۆ دەگرێتو ئەنجومەنێکی راوێژکاری بۆ کاروباری خێزان دادەمەزرێنێت.

٣- منداڵان مافی پەروەردەو سەرپەرشتیکردنو فێرکردنیان بەسەر باوکو دایکیانەوە هەیە، باوکو دایکیش مافی رێزلێگرتنیانو چاودێریان بەسەر منداڵەکانیانەوە هەیە، بەتایبەتی لەحاڵەتی دەستکورتیو پەککەوتەییو پیربووندا.

گشت دەستورەکانی عێراق لەساڵی ١٩٢٥ تا ساڵی ١٩٧٠ دەقی رازاوەیان تیایە، جەخت لەسەر یەکسانی دەکەن لەنێوان هاوڵاتیاندا بەچاوپۆشی لەرەگەز یان نەژاد یان زمان یان ئایین یان ناسنامە یان نەتەوە، بەڵام میکانزمی ئەوتۆیان تێدانیە بۆ کاراکردنی ئەم یەکسانییە، ئەگینا ئەم هەموو نادادپەروەریو جیاوازییەی کە لەکۆمەڵگادا هەیە، چۆن بوونی دەبوو؟ تەنانەت یاساکان خۆیان نادادپەروەرن لەهەندێ بڕگەداو توندوتیژن دژ بەرەگەزی مێینە (تعسف قانون، عنف قانونی) بەتایبەت یاساو رێساکانی تایبەت بەژنان وەك گوێرایەڵی، نشوزو فرەژنیو کوشتن بەبیانوی شەرەف پارێزییەوە لێدانی ژنو تەمێ کردنی، دوو ژن بەیەك پیاو، دانانی پیاو بەشاهد بەسەر ژنەوە لەکاتی ناپاکیو زیندان کردنی ژنەکەو.. هتد

بێجگە لەجیاوازی لەپاراستنی یاساییدا لەنێوان ژنو پیاودا، دانانی ژن بەوەی ئەقڵو ئاینی تەواونییە، ترساندنی ژنان بەئاینی ئیسلام، ئەمە سەرەڕای دووڕووی عێراق کە پەیماننامەی سیدای ئیمزای کردووە لەساڵی ١٩٨٦، بەڵام هیچ کاری نەکردووە لەسەر یەکسانی، بەتایبەتیش بڕگەی (٢٩،٦،٢) کردووە کە کرۆکی پەیماننامەکەیە لەرووی یەکسانی رەگەزییەوە، بۆیە لیژنەی داڕشتنەوەی دەستوری عێراق بەڕاشکاوی دانی نەنا بەسیداو بەیەکسانیدا، بەپێچەوانەی مادەی (٢١) دەستوری هەرێم، ئەمەش لەداهاتوودا دوور نیە دژایەتیەك دروست بکات لەنێوان ئەم دوو دەستورەدا، عێراقو هەرێم هەمان مادەی ٢١ باس لەقەدەغەکردنی جیاوازیو توندوتیژی دەکات کە دەبوایە دەقی تایبەتی بۆ تەرخان بکرایە، بەڵام میکانزمی گونجاویان نەدۆزیوەتەوە بۆ دەرچوون لەم کێشەیە، کە رەنگدانەوەی پیاوسالاریو دابونەریتی خێڵەکی پێوە دیارە، لەهەمان مادەی ٢١ باس لەهەموو مافە مەدەنیو سیاسیەکانی ناو ئەم رێکەوتننامەیە دەکات، کە ئەمانە زۆرن لەمادەی ١٨ تا ٤٢ ئەگرێتەوە، کە ژن وەك پیاو بەیەکسانی سودمەند ئەبێت لێی، لەهەمان دەقدا دەڵێت ئەبێ ئەو بەربەستانەی کە لەبەردەم مافە کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیریەکانی ژناندا دادەنرێ لابرێ، داڕشتنی ئەم دەقە زۆر لێکدانەوە هەڵدەگرێ، ئەبوایە راستەوخۆ مافەکانی پێببەخشیایە، کە ئەمانەش لەمادەی ٥٩ بۆ ٧١ زۆر گرنگە، کە تیایدا باس لەوە دەکات کە سنوردانان بەیاسا لەسەر مافو ئازادییەکان ئەبێ بەڕادەیەك بێت، کەمترین پێوەری کۆمەڵگەی دیموکراسی بنیاتنراو پێی قبوڵ بێ، ئەمانە هەمووی ژن لێی سودمەند دەبێ، چونکە کاتێك یاسا تایبەتەکان مەودای ئازادیو مافەکان سنوردار دەکەن دەتوانرێ دژایەتی بکرێ بەمادەی ٧١ ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە لەپێوەری کۆمەڵگایەکی دیموکراسی دەرچێ.

هەروەها مادەی ٦٧ ژنو خێزان لێی سودمەند دەبێت کە لێرەدا ناتوانرێ رۆشنایی تەواوی بخرێتە سەر لەبەر چڕی مادەکە قسە لەسەری هەڵدەگرین بۆ تەوەرێکی تر.

ئێمە دەڵێین رازاندنەوەی دەستور بەم دەقانە بەتایبەت مادەی ٧١ جەخت ئەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە هەموو جارنامەی مافی مرۆڤو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان تەواوکەری ئەم دەستورەن کە تەنها رێکەوتننامەکان ٥٠ دانەیە بەریزبەندی لەساڵی ١٩٤٨ هاوکات لەگەڵ جارنامەی مافی مرۆڤدا هەتا ساڵی ٢٠٠٠ کە زۆر گرنگە، کەواتە میکانزمی گونجاو بۆ ئەم دەستورە پێویستە کە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەم هەموو مافە جۆراوجۆرانەدا کە لەماوەی ٥٢ ساڵدا دەستەبەر کراون، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کە بنەمای یاسای نێودەوڵەتی رەزامەندی لەنێوان وڵاتانی جیهاندا لەسەر بنیاتنراوە، ئەمڕۆ مافی مرۆڤ لەئامانجە هەر گرنگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لەڕێی چەند کریسونێکی جیهانی وە کارەکانی دەکاتو رەچاوی مافی مرۆڤ دەکات، بێجگە لەمە ئەبێت دەستوری کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم دەقانەو ئەم پێوەرە جیهانیانە رەچاوی ئەمانە بکات بۆ پراکتیك کردنی دەقەکانی:

١- هەموارکردنی یاسا تایبەتەکان بەشێوەیەکی مۆدرن لەسەر بنەمای:

أ- خوێندنەوەی تازە بۆ دەقەکان کە بگونجێ لەگەڵ پێوەرەکانی مافی مرۆڤ.

ب- کارکردن بە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بەگشتیو تایبەتەکان بەمافی ژنان وەك (سیداو) .

ج- رەچاوکردنی کێشەکانی سەردەمو پێداویستی مرۆڤی سەردەم.

هەر لەم روانگەیەوە ئەبێ تێگەیشتمان هەبێ بۆ ژنی هاوچەرخو لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوونی تاکی کۆمەڵ دواتر خێزانو رەچاوکردنی چەمکی یەکسانیو یەکسانیبون.

مافناس/

ئەمیرە حەسەن عەبدوڵا

هاواریێك بۆ ئەنفالی زیندەوەرەکان

نازانم لە بیرەوەری منداڵیمەوە دەستپێبکەم یان لە ڕۆژگاری هەرزەکاری و تەمەنی گەنجیی بابردوو و لەدەستچوومان، لە دەنگوباسی دوژمنێکی ترسنۆکەوە دەنگ هەڵبێنم، یان لە تاو هاتوهاواری مرۆڤەکان و هەرچی زیندووەکانە، کە لە ژێر کەپر و دەسەڵاتی ئەو درندەیەدا، لەم وڵاتەدا ماف، گیان، سەروەری، تەمەن و هەموو پێویستییەکانی ژیانیان لەدەستدا، کە هێندە کاریگەر بووە تا بە ئێستاش دەگات و چەندین ساڵی دیکەش، وا بە ئاسانی دەرباز و ڕزگارمان نابێت لە دەست مەینەتییەکانی.

ئێستا هەر باشە هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵدەمژین، کە نەمردین و دەبینین (صەددام) و هەندێ لە داروودەستەکەی لەسەر کێشەکانی دوجەیل و ئەنفال و کۆمەڵێك دۆسییەی دیکە دادگایی دەکرێن، بەڵام ئایا درندەیی، بێبەزەیی، زۆرداری، خەتا و هەموو تاوانەکانی ئەو دەستە و تاقمە، هەروا بە ئاسانی وەردەگیرێتەوە، یان ئەو هەموو لەدەستچووانە بەچی قەرەبوودەکرێنەوە...؟!

بەداخەوە، بەهۆی سەرقاڵی و کۆمەڵێك کاروبار، نەمتوانی بەتەواوی گوێبیست و بینەری هەموو ئەو چرکەساتانە بم کە ڕۆژانە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دادگاییەکان پەخش دەکەن، بەڵام شەوانە جاروبار لە کەناڵی (PUK)بۆ هەندێك لە خولەکان دادەنیشم، ئەوەی کە منی سەرسام کردووە، ئەوەیە کە ئەو دەستە و تاقمە جگەلەوەی دەبوایە خۆیان نەخەنە ئەمڕۆژەوە، کەچی زۆر بە ڕاشکاوی داکۆکیی لە تاوانەکانیان دەکەن، کە بەڕاستی جێی هەڵوێستە و قسەکردنە، چونکە خۆیان لە هەموو کەس باشتر دەزانن چیان کردووە، کەچی لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە خەڵك لە بەرامبەریاندا گەواهی و شێوەی جێبەجێکردنی فرمان و تاوانەکانیان دەگێڕێتەوە، کەسێکی وەك عەلی کیمایی و سوڵتان هاشم هەڵدەستن بەڕەچی شایەتحاڵەکان و ئەو کەسانە دەدەنەوە کە خۆیان و ماڵ و منداڵ و گوند و کەسوکارییان بوون بە سووتماکی تاوانەکانیان.

بەرهەرحاڵ، هەرچەند لەسەر ئەنفال و ڕاگواستن و تەعریبکردن، بەپێی ڕووداوەکان، کار و کاردانەوەی تەواو نەکراوە، (چونکە هەرچییەك بکرێت ناچێتە هاوشان و هاوسەنگی ئەو تاوانانە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و کۆڕ و فلیم و ...تاد، ئامادە و پێشکەش کراوە، کە بێگومان جێی دەستخۆشییە، بەڵام ئایا چیی کراوە بۆ ئەوانەی کە بێ زمانن، ناتوانن بدوێن و داکۆکیی لە مافی خۆیان بکەن، چونکە ئەو نامرۆڤانە هەر بەرامبەر مرۆڤایەتی تاوانبار نین، بەڵکو بەرامبەر گیانلەبەر و گیانەوەر و دار و درەخت و گژ و گیا و گوڵ و لوتکە و کەژ و کێوەکانی و گرد و دۆڵ و ... تاد، تاوانبارن و پێویستە گوێبیستی دادگاییکردنی صەدام بین لەسەر ئەو هەموو زیندەوەرانەی ئەنفالکران، کوژران، سووتان، ڕاگوێزران، نەوە و بنەچەیان لە کوردستاندا بنبڕ بوو...؟؟!!، چونکە زۆرێکمان لە بیر و هۆشماندا ماوە کە ساڵانە شاخ و دەشت و دەرەکان زەرد دەبوون، بە گوللە (تۆپێك) گڕیان تێبەردەدا، کزەی جەرگمان دەهات، نەك هەر بۆ پێشمەرگە، بەڵکو بۆ هەموو ئەو زیندەوەرانەی کە سامانێکی نەتەوایەتین و وا ماڵ و حاڵ و ژیان و گوزەرانیان دەسووتێ و ئەنفال دەکرێت.

لە بیرتانە، صەددام لە نێو مەتەرێزە ترسنۆکانەکەی، کە پەنجەرەی کۆپتەرە جەنگییەکانی بوو، دوای ئاسك و حەیوانە کێوی دەکەوت و، بە بەرچاوی خەڵکەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، بە گوللەی مەرگ پێیدەگوتن: من صەددامم و سەرۆکی عیراقم ....، بۆیە دەتانکوژم.

بەڕاستی دەبوایە دۆسیەی تایبەتیان بۆ هەڵبدرێتەوە، لاپەڕەی ئەنفال و تەرحیلی هەموو ئەو زیندەوەرانەش، یەکێك بێت لە خولەکانی دادگایکردنی ئەو نامرۆڤە. ئاشکرایە لە کوردستاندا ڕێکخراوی تایبەت بە دارو درەخت هەیە، بەڵام ئایا ڕێکخراوی داکۆکیکردن هەیە لە ماف و ژیانی باڵندە و گیانلەبەر و زیندەوەرەکان؟!، ئەگەرنا دەکرێ هانا بۆ ڕێکخراوە جیهانییەکان ببرێ، بۆ ئەوەی لە تۆماری مێژوودا باشتر و ڕوونتر بزانرێ کە درندەیەك هەبوو و ناوی (صەددام) بوو، لەبەرامبەر ژیان و قووتی مرۆڤی کورد و هەموو بوونەوەرەکانی کوردستان، کە دوژمنێکی ترسنۆك بوو، هەروەها بزانرێ کە تائێستاش هاوشێوەی صەددام لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە، گورگن و لە پێستی (صەددام) دان.

بوار نورەدین

Bwar_n@yahoo.c

ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

لیستی پێنجەم

ژ	ناوی سیانی	پیشە	دانیشتووی	چەند کەست ئەنفالە
١-	حەبیبە ئەمین حەمە جان	کچی ماڵ	زینانەی گەورە	١
٢.	سامان عومەر ئەکبەر	پێشمەرگە	زینانەی گەورە	٤
٣.	حەبیبە ئەحمەد رەزا	ژنی ماڵ	زینانەی گەورە	٢
٤.	نەشمیە ئەحمەد میرزا	بێوەژن	زینانەی گەورە	٥
٥.	محەمەد ناصر حسێن	هەژار	زینانەی گەورە	١٣
٦.	کەریم عیسی فەتاح	فەرمانبەر	زینانەی گەورە	٩
٧.	سەڵاح محەمەد حەسەن	پۆلیس	زینانەی گەورە	٧
٨.	نەجیبە قادر محەمەد	ژنی ماڵ	هۆمەر مل	٢
٩.	خەولە مەجید ئەحمەد	بێوەژن	هۆمەر مل	١
١٠.	غەمینە عەلی نەسرولا	بێوەژن	هۆمەر مل	١
١١.	سیروان مەجید سلێمان	کاسب	هۆمەر مل	١
١٢.	سدیق مەحمود عەلی	جوتیار	هۆمەر مل	٢١
١٣.	زیبا ئەحمەد عەلی	ژنی ماڵ	هۆمەر مل	١
١٤.	زەینەب محەمەد رەسوڵ	ژنی ماڵ	هۆمەر مل	١
١٥.	ئامینە کەریم حسێن	ژنی ماڵ	هۆمەر مل	١
١٦.	خانم حارس فەرەج	ژنی ماڵ	هۆمەر مل	١٩
١٧.	سەیران محەمەد سەعید	کچی ماڵ	هۆمەر مل	٢
١٨.	خەمینە محەمەد سەعید	کچی ماڵ	هۆمەر مل	٢
١٩.	گەلاوێژ محەمد سەعید	کچی ماڵ	هۆمەر مل	٢
٢٠.	محەمەد عەبدولکەریم	شوان	هۆمەر مل	١
٢١.	حەسەن ئەمین سەمین	جوتیار	هۆمەر مل	١٢
٢٢.	عەجیبە حەمید ئەحمەد	ژنی ماڵ	هۆمەر مل	١١
٢٣.	نەسرین هیدایەت دەرویش	بێوەژن	هۆمەر مل	٦
٢٤.	هیدایەت دەرویش رەسول	جوتیار	هۆمەر مل	٦
٢٥.	حەمە خان کاك مین	کاسب	توکن	١٠
٢٦.	بەیان سلێمان کاك	ژنی ماڵ	توکن	١٠
٢٧.	سابر جەبار مەحمود	جوتیار	توکن	٥
٢٨.	خەولە خورشید سەعید	بێوەژن	توکن	١
٢٩.	قادر سابر جەبار	کاسب	توکن	٥
٣٠.	ئەحمەد حسێن ساڵح	هەژار	توکن	٦